# نامەیەکی پیرۆزبایی بۆ  دانیشتوانی شاری کەرکوک

لە سەرەتای ئەم مانگەدا بە دەستپێشکەری هاوریٚ رەمەزان سابیر لێپرسراوی کۆمیتەی حیزب لە شاری کەرکوک و کادران و ئەندامان و دۆستانی حیزب ( سەنتەری رۆشنبیری شاپور)یان کردەوە...

سەرەتا ئەوە جێگای داخ بوو کە من نەمتوانی لە رۆژی کردنەوەی سەنتەرەکەدا  بەشداری بکەم  و لەوێدا لەگەڵ هاورێیان و دانیشتوی گەرەکی شۆرجەدا پیکەوە پیرۆزبایی لە دانیشتوانی شاری کەرکوک بکەین و شیرینی ومۆم و  گولەکان   بەدەستی خۆم ببەخشمەوە بەسەریاندا ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە جێگای شانازیيەکی گەورەیە بۆ من کە هاورێکانم ئەو کارە پر بایەخەیان ئەنجام دا....

سەنتەری رۆشنبیری شاپۆر ئەبێت رێك تەعبیر لە و کەسایەتیيە گەورەیە بکات کە شاپۆر توانی رۆل و نەخشی مێژوویی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا بگێرێت، رۆلی بەرچاوی شاپۆر لە هیدایەت و رابەری کردنی بزووتنەوەی جەماوەری و ئاوارەکان و رێکخستنی خەلکیدا لە میژووی بزووتنەوەکەماندا تۆمار کراوە ، رۆلێك کە ئەو بینی لە حیزب و بزووتنەوەکەدا مایەی شانازی منە کە شانسی ئەوەم پیٚ برا سەرەرای ئەوەی تەمەنێکی کەم پیکەوە ژیانی هاوسەریتیمان بردە سەر ،بەلام بۆ من پربایەخ و بەنرخ و پر ئەزموونە ....

ئیستاش هیوای گەورەم ئەوەیە کە دانیشتووی شاری کەرکوك بە تایبەتی گەرەکی شۆرجە ، ئەم سەنتەرە بەهیز بکەن و بیکەنە  سەکۆیەك بۆ راگەیاندنی دەنگی پر ئیعتیرازیيان و هاتنەدی خواست و داواکاریيەکانیان ،چونکە هەموو  ژیان  و تەمەنی (شاپور)  بۆ هاتنە دی جیهانێك بوو کە تیایدا بە هیچ چەشنە چەوساندنەوەو هەلاواردنێك قایل نەبوو ، بۆیە تەنها چارەشمان ئەوەیە کە رێگا مەزنەکەی ئەو تەواو بکەین بۆ هاتنە دی ئەو جیهانە ئازاد و یەکسانەی (شاپور ) و هاورێکانی لە ریگایدا گیانیان بەخت کرد ...

**قومری تەیب**

**کادری حیزبی کۆمۆنیتی کرێکاری عیراق**

2005-1-13